**تەوجیهاتی لێژنەی سەرپەرشی کۆنگرەی چوارهەم**

**هاوری خۆشەویست لە:**

- **لیژنە فەرعیەکانی هەڵبژاردن**
- **کۆمیتە حزبیەکان**

**سلاویکی گەرمتان لی بیت**

**ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە، کۆمەلە بریارێکن کە لیژنەی سەرپەرشتی کۆنگرە لەسەرپایەی ئاییننامەی هەلبژاردنەکان بریاری لەسەرداوە، لەپیناو چونە پێشەوەی پرۆسەی هەلبژاردن بەباشترین شێوە. بۆیە پیویستە کە هەموو لیژنە فەرعیەکانی سەرپەرشتی هەلبژاردنەکانو هەموو کۆمیتە حزبیەکان و بەتایبەت سکرتیری کۆمیتەکان، ئیلتزامی تەواو بکەن بەم ڕینماییانەوە.**

1 **فۆرمی هەلبژاردنو کاندید بون، لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتی کۆنگرەوە ئامادە دەکریتو دابەش دەکریت بەسەر تەواوی دائرەکانی هەڵبژاردندا.**

2 **راگەیاندنی ناوی کاندیدەکان لەلایەن لیژنە فەرعیەکانەوە دەبیتو نوسخەیەکی لێدەنیردریت بۆ لیژنەی سەرپەرشتی کۆنگرە پیش دەستپێکردنی هەلبژاردن.**

3 **راگەیاندنی ناوی نوینەران( ئەوانەی کە دەردەچن لە هەلبژاردندا) لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتی کۆنگرەوە دەبیت. تەواوی لیژنە فەرعیەکانی هەلبژاردن کە سەرپەرشتی 5 دائیرەکە دەکەن ناوی دەرچوان (نوینەران) دەنیرن بۆ لیژنەی سەرپەرشتی. وەپیویستە ئەم ناوانە ملحق بیت بە راپۆرتی هەر لیژنەیەکی فەرعی و بە ئیمزای تەواوی  یان زۆربەری ئەندامی لیژنەکەوە لەکاتیکدا کە هاورێیەك غائب دەبیت.**

4 **لیژنە فەرعییەکان دەتوانن کۆببنەوەو بریار بدەن لەحالی بوونی زۆربەی ئەندامانیدا. پێویستە پێش هەرکۆبونەوەیەك تەواویئەندامانی لیژنەکە لەلایەن سەرۆکی لیژنە فەرعیەکانەوە ئاگادار کرابنەوە.**

5 **لیژنە فەرعیەکان پیوستە چێکی ناوی ئەندامانی حزب بکەن لە دائرەی ئینتخاباتی خۆیاندا. ئەوناوانەی کە لە 3 مانگی زیاتر ئابونەیان نەداوە مافی خۆ هەلبژاردنو خۆ کاندید کرنیان نیەوو بەم پێیە لە لیستی ئەو ناوانە دەر دەچن کە مافی دەنگدانو خۆ هەلبژاردنیان هەبیت. مەگەر تەصفیەی حسابی خۆیان بکەن لەگەل بەرپرسی مالی دائرەی ئنتخاباتی خۆیاندا.**

6 **دواین کات بۆ تصفیەی مالی ئابونەکان  رۆژی 11/20/یە.**

7 **لیژنە فرەعیەکان دەتوانن چێکی ناوەکانی دائیرەی انتخاباتی خۆیان بکەن ئەکەر زانیان موشکلەیەك هەیە.**

8 **ژمارەی ئەو نوێنەرانەی بۆ هەر دائرەیەکی انتخاباتی دانراوە( کە لە ئاییننامەی هەلبژاردنەکاندا هاتووە) دابەشدەکرێت بەسەر ژمارەی ئەندامانی حزب لەو دائیرەیەدا، پاش دەرکردنی ئەو ناوانەی کە حسابی  ئابونەی خۆیان تەصفیە نەکردوە ( ئەوهاورییانە مافی دەنگدانو خۆ هەلبژادنیان نیە). بۆنمونە ناوەراستو باشور کە 35 نوێنەری هەیە دابەش دەکریت بەسەر ژمارەی هەموو ئەندامانی حزبدا لە وەستو جنوب.**

9 **دەرچون لە هەلبژاردنەکاندا بەپێی ریژەی نسبی دەنگەکان حساب دەکریت. بۆنمونە ئەگەر لە  لیژنەیەکدا 5 کاندیدمان هەبوون بەلام پیویستمان بە 2 نوینەر هەیەو فەرز بکەین دەنگەکان بەم شێوەیەیە: 31 , 29و 21و 18. 15 لەم کاتەدا تەنها یەکەمو دووەم دەرچونو بونە نوینەر واتە 31و 29.**

10 **خۆ هەلبژاردن لەلایەن هەر هاورێیەکەوە پێویستە بەشیوەیەکی نوسراو بیت و راستەوخۆ بنیردریت بۆ لیژنە فەرعیەکانی هەلبژاردن لە هەر دائرەیەکدا. خۆ کاندید کردن لە ریگای شەفەهیو تەلەفۆنەوە نابێت.**

10 **نامەی کاندیدەکانو لیستەکانی هەلبژاردنو دەرچوان لە هەلبژاردنداو راپۆرتی لیژنە فەرعیەکان هەموو یان بەلگەنامەی رەسمی حزبن پیویستە بەرزبکرینەوە بۆ لیژنەی سەرپەرشتیو ببرینە کۆنگرەوە.**

11 **سکرتیری کۆمیتە حزبیەکان پیویستە کە تەواوی ئەندامانی لیژنەکەی خۆیان ئاگادار بکەنەوە بۆ دەنگدانو خۆ هەلبژاردن( ئەندامانی کۆمیتەو هەموو ئەندامانی دیکە کە سەر بە کۆمیتەکەیانن)**

12 **ئەگەر پیویست بوو ڕینمایی دیکە بلاو دەکەینەوە...**

**سامان کریم**

**بەرپرسی لیژنەی سەرپەرشتی کۆنگرەی چوارهەم.**

2007/11/13